# داهێنراو
# له‌ دیندا
# البِدعَة

**ئاماده‌كردنی/ حه‌مزه‌ به‌رزنجی**

**چاپی/ یه‌كه‌م ١٤٣٤ – ٢٠١٣**

**مافی له‌ چاپدانی بۆ هه‌ر كه‌سێكه‌ وه‌ك خۆی چاپی بكاته‌وه‌ به‌ بێ گۆرانكاریو له‌رێگای خوادا ببه‌خشێت.**

**پێشکەشە:**

* بــە موســڵمانان بــە گشــتی....هەموو ئەوانــەی خۆئــەپارێزن لــە کردەوەیەك خوای گەورەیان لێ تووڕە بکات.

* بەوانەی لەم مانگە پیرۆزەدا بڕیاری تەوبەی یـەکجاریان داوەو بـە دوای حەقدا دەگەڕێن.

*بەو خوشك و برایانەی تامەزرۆن بە ڕوی گەشـەوە دوور لـە بیدعـە بەلیقای خوای خۆیان بگەن، تا شایستەی لێخۆشبوون بن.

* بە هەموو ئەوانەی ترسـناکی ئـەم گوناهـەیان نـەزانیووەو نـازانن جۆرەکانی چین.

http://www.facebook.com/hamzabarzngy

**تکایە بە تەواوی هەموو نامیلکەکە بخوێنـەرەوەو دوای خـۆت بیـدە بـە کەسـێکی تـر، تـا زۆرتـرین کەس لەم بابەتە گرنگە شارەزابێت.**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه و من والاه...

خوای پەروەردگار مرۆڤی بەدیهێناوەو ماوەیەکی دیاری کراو تەمەنی پێ بەخشیوە بە مەبەستی تاقیکردنەوەو ئەنجامدانی پەرستش لەسەر زەویدا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾. الذاريات/٥٦.

واتە: من جنۆکەو ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە پەرستشی من بکەن.

پەرستیش ناوێکی کۆکراوەیە بۆ هەر شتێك کە خوای گەورە پێی خۆشەو لێی ڕازییە لە کردەوەو ووتەی ڕواڵەت و ناوەوەی مرۆڤ، هیچ کردەوەیەکی چاکیش لای خوای گەورە وەرگیراو نییە هەتا دوو مەرجی تێدا نەیەتە دی کە بە مەرجەکانی وەرگیرانی کردەوە چاکەکان ناسراون:

**مەرجی یەکەم:** پێویستە تەنها مەبەست لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە لەبەر خاتری خوای گەورە بێت و بەس،

دوور لــه ڕییــاو بەرچــاوێنی. پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) دەفەرموێت: « إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل أمريء ما نوى... ». متفق عليه: البخاري(١) ومسلم(١٩٠٧).

واتـە: بـە دڵنیایییـەوە وەرگیرانـی کردەوە چاکەکان لای خــوای گــەورە بــە پێــی نییەتەکانیانــە، وە هــەموو کەسێکیش ئەوەی دەست دەکەوێت کە نییەتی هەبووە..

**مـەرجی دووەم:** بە پێی شـەرعی خوای گـەورە بێت، بەو شێوەیە ئەنجام بدرێت کە لە شەرعدا هاتووە بە بیٚ زیـاد کـردن و کـەم کـردن. دوور لـە بیدعـەو هـەواو ئـارەزوو، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێت: «من أحـدث في أمرنـا هذا ما ليس منه فهو رد»، البخاري(٢٦٩٧)، ومسلم (١٧١٨).

واتە: هەر کەس شتێك لەم دینەی ئێمەدا دابهێنێت و لـە دیندا نەبێت لێی وەرناگیرێت.

وە هـەموو بەڵگەیـەك پێویستە لـە ئایـەت یـان فـەرمودەی صـەحیح وەرگـیرا بێـت، پاشـان بـە صـەریحی لـە سـەر بابەتێك هاتبێت، چونکە زۆرجار کەسی بیدعەچی یان بەڵگـەی پـیٚ نییـە بۆ ئـەو کارەی بـە حیسابی خۆی بە

عیبـادەتی دەزانێـت، یـان فەرمودەیـەکی ضـةعیـف یـان مەوضوع دەکاتـە بەڵگـە، یاخود فەرمودەیەکی صـەحیح دەهێنێت بـەلاَم صـەریح نیـیـە لەسـەر ئـەو بابەتـەی بـۆی کردووەتـە بەڵگـە، کـە ئەمـەش بـە شـوبهە دادەنرێـت نـەك بەڵگە.

جا ئـەوەی باسـی ئێمەیـە لێـرەدا بریتی‌یـە لـە ترسـناکی بیدعەو زەرو زیانی بۆ سەر کردەوە چاکەکان، وە خراپی ئـەو کەسـانەی داهێنـراو دێننـە نـاو دینـەوەو بـەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی بیدعە.

## داهێنراو (البدعة) چی‌یە؟

البدعـة: لـە زمانەوانی‌دا واتـە: داهێنـانی شـتێك لـە سـەر شێوەیەك کە پێشـتر نـەبووە. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ بَـدِيعُ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ.. ﴾ (البقـرة: ١١٧) واتــە: خــوای گەورە بەدیهێنەرەی ئاسمانەکان و زەوی‌یە.

وە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ.. ﴾. (الأحقاف: ٩). واتە: بڵێ من یەکەم پێغەمبەرو تاز پەیدا بوو نیم.

وه داهێنانیش دوو جۆره:

١- داهێنان له عادات دا: وهك داهێنانی ئامێری نویٚ و پێشكهوتوو له بواری پیشهسازیو زانستیدا بۆ ئاسانكاری ژیان، ئهمه دروسته چونكه بنچینه له عادهتهكاندا ڕهوایهتیيه: الأصل في العادات الإباحة.

٢- داهێنان له دیندا: ئهمهیان بریتییه له داهێنانی ڕێگایهك یان كارێك یان شێوازێك له دیندا كه هیچ بهڵگهیهكی له قورئان و فهرمودهی لهسهر نهبێت، ئهمهیان حهرامه چونكه بنچینه له عیبادهتهكاندا وهستانییهتی لهسهر بهڵگه. ئهمهیان جیٚ باسی ئێمهیه لێرهدا.

## زهمی بیدعه له قورئان و فهرمودهدا :

- خوای گهوره دهفهرموێت: ﴿وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾. (الأنعام: ١٥٣).

واته: بێگومان ئهمه ڕێبازی منه كه ڕاسته، ده ئێوهش شوێنی بكهون و شوێنی ڕێچكهكانی تر مهكهون، چونكه

جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازی خوا، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردوون، بۆ ئەوەی خواناس و پارێزکار بن.
جا ڕێگای ڕاست ئەو ڕێگایەیە کە خوای گەورە بانگی کردوین بۆی، ئەویش ڕێگای سوننەتە، وە ڕێچکەکانیش بریتییە لە ڕێچکەی ئەهلی جیاوازی ئەوانەی لە ڕێگا ڕاستەکە لایانداوە کە بریتین لە ئەهلی بیدەع./ الاعتصام للشاطبي ١/ ٧٦.
وە ئەم ئایەتە نەهی کردن لە سەرجەم ڕێگاکانی ئەهلی بیدعە دەگرێتەوە./ الاعتصام للشاطبي ١/ ٧٨.
- وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب :٢١)
واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواو ڕێك پێك هەیە تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت

ئاواتیانــه، هەمیشــە و بــەردەوام یــادی خــوا بــە زۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو.

– پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: «من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد»، البخاري(٢٦٩٧)، ومسلم (١٧١٨).

واتە: هەر کەس شتێك لەم دینەی ئێمەدا دابهێنێت و لە دیندا نەبێت لێی وەرناگیرێت.

هەنـدێك کـەس بیدعـە ئـەنجام دەدەن و دەڵـێن ئێمـە ئـەو بیدعـەو داهێنراوەمـان دانـەناوەو پێشـتر هـەبووە، ئێمـە تـەنها ئـەنجامی ئـەدەین و بـەر ئـەو فەرمودەیـە ناکـەوین چونکە داهێنـەر نین! جا لـە ڕیوایەتێکیدا دەفـەرموێت: «من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد». مسلم برقم ١٧١٨

واتــە: هەرکــەس کردەوەیــەك ئــەنجام بــدات و فــەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەد دەکرێتەوە.

– عن جابر بن عبد الله(رضي الله عنهما) أن النبي(ﷺ) كـان يقول في خطبته: « أما بعد، فإن خير الحديث كتـاب الله، وخير الهـدي هـدي محمـد(ﷺ)، وشـر الأمـور محـدثاتها، وكل بدعة ضلالة». مسلم برقم ٨٦٧.

واتــه: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) لــە ووتاریـدا دەیفـەرموو: پاشـان: چـاکترین ووتـە قورئانەکـەی خوایـە، وە چـاکترین ڕێنمایی ڕێنمایی محمده(ﷺ)، وە خراپترینـی کردەوەکـان داهێنراوەکانییەتیو هەموو داهێنراوێکیش گومڕاییە.

– عن جرير بن عبـد الله (رضـي الله عنـه) أن رسـول الله(ﷺ) قال: ((من سَنَّ في الإسلام سُنَّةً حسـنة فلـه أجرهـا وأجـر من عمل بها بعده، من غير أن يـنقص مـن أجـورهم شـيء، ومن سنَّ في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرهـا ووزر مـن عمل بها من بعده من غير أن ينقص مـن أوزارهـم شـيءٌ)). مسلم برقم ١٠١٧.

واتە: هەرکەسێك ڕێگایەکی چاك بۆ خەڵکی دابنێت ئەوە پاداشتی خۆی و پاداشتی ئـەو کەسەشـی بـۆ هەیـە کـە کاری پـیٚ دەکـات لـە دوای ئـەم، بـیٚ ئـەوەی لـە پاداشـتی ئەوان کەم ببێتەوە. وە هەرکەسێکیش ڕێگایـەکی خـراپ بـۆ خـەڵکی دابنێـت ئـەوە تـاوانی خـۆی و تـاوانی ئـەو کەسەشی بۆ هەیە کە کاری پیٚ دەکات لە دوای ئـەم، بـیٚ ئەوەی لە تاوانی ئەوان کەم ببێتەوە.

- عـن العِرْبـاض بـن سـارية (رضـي الله عنـه) قـال: وعظنـا رسول الله(ﷺ) موعظة وَجلَتْ منها القلوب، وذَرَفَتْ منها العيون، فقلنا يا رسول الله كأنها موعظة مودِّع فأوصنا؟ قال: ((أوصيكم بتقوى الله، والسمع والطاعة، وإن تأمّر عليكم عبد، فإنه من يعِشْ منكم بعدي فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين، عضّوا عليها بالنواجذ، وإيّاكم ومحدثات الأمور، فإن كل بدعة ضلالة)). أبو داود(٤٧٠٧)، والترمذي(٢٦٧٦) وقال: هذا حديث حسن صحيح، وابن ماجه(٤٢، ٤٣، ٤٤)، وأحمد.وصححه الألباني أنظر صحيح الترغيب والترهيب برقم(٣٧).

واتــه: ڕۆژێکیــان پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) ووتــارێکی کاریگەری ئامۆژگاری کردنی بۆ داین دڵەکان ڕاچەمین و چاوەکان فرمێسکی لێ چۆڕا، وتمان: ئەی پێغەمبەری خــوا(ﷺ) وەك بڵێییــت ئامۆژگــاری کردنــی کەســێکە ماڵئــاوایی بکــات، جــا وەســێتمان بکــە. فــەرموی: وەسێتتان دەکەم بە تەقوای خوا، لە خوا بترسن و خۆتان لە تاوان بپارێزن و ببیستن و گوێڕایەڵ بن بۆ پێشەوا موسڵمانەکانتان، ئەگەرچی بەندەیەکیش ببێتە

**پێشەواتان، چونکە ئەگەر کەسێك لە ئێوە بمێنێت ئەوا جیاوازیو ئیختیلافێکی زۆر دەبینێت، جا دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە رێنمونی کراوەکانی منەوە، بە دانەکانتان بیگرن و بەری مەدەن، وە خۆتان بپارێزن لە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێناوێك گومڕاییيە.**

## ووتەی هاوەڵان( ڕەزای خوایان لیٚ بێت ) سەبارەت بە داهێنان لە دیندا:

**١-لە تەفسیری ئایەتی:** ﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ﴾(آل عمران: ١٠٦). **ئیبن عەباس**(ڕەزای خوای لیٚ بێت) **فەرمویەتی:** **(تبيض وجوه أهل السنة والائتلاف، وتسود وجوه أهل البدعة والتفرق).** ذكره ابن القيم في اجتماع الجيوش ٣٩/٢، وابن كثير في تفسيره٣٦٩/١، وانظر: جامع البيان عن تأويل آي القرآن لابن جرير، ٩٣/٧.

**واتە: لەقیامەتدا دەموچاوی ئەهلی سوننەو یەکپارچەیی سپی دەبێت و دەموچاوی ئەهلی بیدعەو پەرتەوازەییش ڕەش دەبێت.**

**٢- ئەبوبـەكری صـدیق**(ڕەزای خـوای لێ بێـت) **فەرمویـەتی:**

**(أيها الناس إنما أنا متبع ولست بمبتدع، فإن أحسنت فـأعينوني وإن زغـت فقوِّمـوني).** ذكـره ابـن سـعد رحمـه الله بإسناده، الطبقات الكبرى، ٣/١٣٦.

**واتـە: ئـەی خـەڵكی مـن شـوێنكەوتەم و داهێنـەر نـیم، ئەگەر چاكم كرد یارمەتیم بدەن و پشتگیریم بكەن، خۆ ئەگەر لامدا ڕاستم بكەنەوە.**

**٣- عومەری كوڕی خەطاب**(ڕەزای خوای لێ بێت) **فەرمویەتی:**

**( إيـاكم وأصـحاب الـرأي فـإنهم أعـداء السـنن أعيـتهم الأحاديث أن يحفظوها فقالوا بالرأي فضلّوا وأضلّوا).**

أخرجه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة (٢٠١)، والدارمي(١٢١)، وابن عبد البر في جامع بيان العلم وفضله برقم(٢٠٠١، و٢٠٠٣، و٢٠٠٥).

**واتـە: دەخیلـە وریـای ئـەو كەسـانە بـن كـە كـار بـە ڕاوبۆچـوونی خۆیـان دەكـەن، چـونكە ئەوانـە دوژمنـی سـوننەتن، بـە لایانـەوە قـورس بـووە فـەرمودەكان لەبـەر بكەن بۆیە دەستیان داوەتە ڕاو بۆچوون، بەو هۆیەشـەوە گومڕا بوون و خەڵكیش گومڕا دەكەن.**

٤- عبداللەی کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفيتم، كل بدعة ضلالة). أخرجه ابن وضاح في ما جاء في البدع برقم ١٤، ١٢، والطبراني في المعجم الكبير برقم ٨٧٧٠، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد: ١٨١/١: "ورجاله رجال الصحيح"، وأخرجه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة، ٩٦/١، برقم ١٠٢.

واتە: شوێنکەوتەی بەڵگە بن و داهێنەر مەبن لە دیندا چونکە کیفایەت دراون، هەموو بیدعەیەك گومڕایی‌یە.

٥- ئیبن عومەر( ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرمویەتی: (كل بدعة ضلالة وإن رأها الناس حسنة ).رواه اللآلكائي في السنة رقم ١٢٩ وابن نصر الرزوي في السنة ص٢٤. وقال الألباني: صحيح موقوفا.

واتە: هەموو بیدعەیەك گومڕایی‌یە ئەگەرچی خەڵکی بە چاکیشی بزانێت.

## ووتەی تابعین و تابعی تابعین( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) سەبارەت بە داهێنان لە دیندا:

١- عومەری کوڕی عبد العزیز(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) نامەیەکی نوسی بۆ پیاوێك تیایدا فەرموی: (أما بعد،

أوصيك بتقوى الله، والاقتصاد في أمره، وإتباع سنة نبيه صلّى الله عليه وسلّم، وترك ما أحدث المحدثون بعد ما جرت به سنته). سنن أبي داود، كتاب السنة، باب لزوم السنة، ٢٠٣/٤، برقم ٤٦١٢، وانظر: صحيح سنن أبي داود للألباني، ٨٧٣/٣.

واته: پاشان.. فەرمانت پێ دەكەم بە تەقوای خوای گەورە و ڕاوەستان لە فەرمانەكانیدا، وە شوێن كەوتنی سوننەتی پێغەمبەرەكەی(ﷺ)، وە واز هێنان لەو شتەی داهێنەران دایانهێناوە.

٢- حەسەنی بەصری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (لا يصح القول إلا بعمل، ولا يصح قول وعمل إلا بنية، ولا يصح قول وعمل ونية إلا بالسنة). أخرجه اللالكائي، في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة، ٦٣/١، برقم ١٨.

واته: ووتە تەواو نییە بە بێ كردەوە، وە ووتەو كردەوەش تەواو نییە بە بێ نییەت، وە ووتەو كردارو نییەتیش تەواو نییە بە بێ شوێنكەوتنی سوننەت.

٣- ئیمامی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (حكمي في أصحاب الكلام أن يضربوا بالجريد، ويحملوا على الإبل ويطاف بهم في العشائر والقبائل، ويقال: هذا

جزاء من ترك الكتاب والسنة وأخذ في الكلام). أخرجه أبو نعيم في الحلية، ٩/١١٦.

واتــه: ڕای مــن بەرامبــەر ئــەو کەســانەی شــوێنکەوتەی بۆچوون و عەقڵن ئەوەیە بە شوڵ لێیان بدرێت و سوار حوشتر بکرێن و بە ناو هۆزەکانـدا بگێـردرێن و بوترێـت: ئەمــە ســزای هەرکەســێکە واز بهێنێــت لــە قورئــان و سوننەت و دەست بداتە قسەو بۆچوون.

٤- ئیمـامی ئەحمـەد(ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرمویـەتی: (أصـول السـنة عنـدنا التمسـك بمـا كـان عليـه أصـحاب رسـول الله(ﷺ)، والإقتـداء وتـرك البـدع، وكـل بدعـة ضـلالة، وتـرك الخصـومات، والجلـوس مـع أصـحاب الأهـواء، وتـرك المـراء والجـدال والخصـومات في الـدين). شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة، للالكائي ١/١٧٦.

واتــە: بنچــینەکانی ســوننەت لای ئێمــە بریتیــیە لــە دەســـتگرتن بـــە بـــەوەوە کـــە هـــاوەڵانی پێغەمبـــەری خـوای(ﷺ) لەسـەر بـووە، وە شـوێنکەوتنی سـوننەت و واز هێنان لە بیدعە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، وە

وازهێنـان لـه دهمهقاڵـهو دانیشتن لهگـهڵ ئهوانـهی ئـههلی ئههوائن، وه وازهێنان له دهمه قاڵهو موجادهله له دیندا.

## زیانهكانی بیدعه

١-ئهنجامدانی بیدعه ئهوه دهگهیهنێت كه دین ناتهواوی تێدایـهو ئـهم بیدعهیـه پـڕی دهكاتـهوه لـه كاتێكـدا خـوای گـهوره دهفـهرموێت: ﴿...الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا.... ﴾ المائدة/٣.

واتـه: ئـهمڕۆ ئاین و بهرنامهكـهتانم بـهكۆتایی گهیانـدو نازو نیعمهتی خۆمم بۆ تـهواو كـردن و ڕازیـم بـهوهی كـه ئیسلام ببێته بهرنامهو دین و ئاینتان.

٢-داهێنـانی بیدعــهو بــه مانــای ئهوهیــه پێغهمبــهری خوا(ﷺ) خیانهتی كردووهو دینهكهی نهگهیاندووه(پهنا بـه خـوای گـهوره). ئیمـامی مالـك(ڕهحمـهتی خـوای لێ بێـت) فهرمویهتی: (من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة فقد زعم أن محمداً(ﷺ) خان الرسالة، لأن الله يقول: ﴿ الْيَوْمَ

أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾. (المائدة ٣)، **فما لم يكن يومئذ ديناً، فلا يكون اليوم ديناً)**. **الاعتصام، للإمام الشاطبي ١/٦٥.**

**واته: هەر كەسێك بیدعەیەك دابهێنێت لە ئیسلامدا و بە چاكی بزانێت ئەوە بانگەشەی ئەوەی كردووە كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) خیانەتی لە پەیامەكەی كردووە،چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ) وە هەر شتێك ئەو كات دین نەبوبێت ئەمڕۆ نابێتە دین.**

**٣-بیدعە دەبێتە هۆی مراندنی سوننەت چونكە هیچ بیدعەیەك نیە ئیلا سوننەتێكی لە ژێرەوە شاراوەتەوە.**

**٤-بیدعە دەبێتە مایەی پەرتەوازە بوونی ئوممەت و بێ هێزو پێز بونیان، چونكە عیززەت لە ئیسلامەتی ڕاست و دروستدایە دوور لە بیدعەو خورافات و بیروبۆچوونی نامۆ.**

# ڕای چوار پێشەواکە سەبارەت بە دەستگرتن بە سوننەتەوە:

چوار پێشەواکەی ئیسلام(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون کەس دەمارگیری هەبێت بۆ بۆچونیان و پشت بکاتە بەڵگە، بەڵکو هەر لە ژیانیاندا ڕایانگەیاندووە کە موسڵمانان با فێر ببن شوێنکەوتەی بەڵگە بن، نەك ڕاوبۆچونی کەسێکی تر بکەنە دین:

١-ئیمامی ئەبو حەنیفە(نوعمانی کوڕی ثابت)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (إذا قلتُ قولاً يخالف كتاب الله تعالى، وخبر الرسول(ﷺ) فاتركوا قولي). الفلاني في " الإيقاظ " (ص ٥٠)

واتە: هەر کات قسەیەکم کرد پێچەوانەی قورئانەکەی خواو فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، ئەوا واز لە قسەکەی من بهێنن.

٢-ئیمامی مالك ی کوڕی ئەنەس(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( إنما أنا بشر أخطئ وأصيب، فانظروا في رأيي، فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذوه، وكل ما لم

يوافق الكتاب والسنة فاتركوه). ابن عبد البر في الجامع٢/٣٢، وعنه ابن حزم في أصول الأحكام ٦/١٤٩، وكذا الفلاني (ص ٧٢) .

واته: من مرۆڤم له قسەکانمدا دەیپێکم و هەڵەش دەکەم، تەماشای بۆچونەکەی من بکەن، هەرکامیان موافیقی قورئان و سوننەت بوو ئەوا وەری بگرن و ئەوەشی موافیقی قورئان و سوننەت نەبوو وازی لێ بێنن.

٣-ئیمامی شافیعی (محمدی کوڕی ئیدریس)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (إذا رأيتموني أقول قولاً، وقد صحَّ عن النبي(ﷺ) خلافُه فاعلموا أن عقلي قد ذهب). رواه ابن أبي حاتم في آداب الشافعي ص٩٣، وأبو القاسم السمرقندي في الأمالي، وأبو نعيم في الحلية٩/١٠٦، وابن عساكر (١/١٠/١٥) بسند صحيح .

واته: ئەگەر منتان بینی وتەیەك دەڵێم و لە پێغەمبەری خواشەوە(ﷺ) پێچەوانەکەی هاتووە، ئەوە چاك بزانن من عەقڵم لەدەستداوە.

٤-ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (من رد حديث رسول الله(ﷺ) فهو على شفا هَلَكة). أبو داود في مسائل الإمام أحمد (ص ٢٧٦ و ٢٧٧) .

واته: هەرکەسێك فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕەت بکاتەوە، ئەوە لەسەر لێواری تیاچوونە.

## جۆرەکانی بیدعە لە دیندا:

**جۆری یەکەم: بیدعەی ووتەو بیروباوەڕ:**

وەك ووتەو بیروباوەڕی کۆمەڵە گومڕاکان، وێنەی جەهمی‌یەکان و موعتەزیلەو ڕافیزەو قادیانی‌و بەهائی‌و اسماعیلی‌و نوصەیری‌و دروزو.. کۆمەڵەکانی تر.

**جۆری دووەم: بیدعەی کرداری:**

خواپەرستی کردن بە جۆرە عیبادەتێك کە لە شەرعدا نەبێت..ئەمیش چەند بەشێکە:

١-بیدعەی حەقیقی (البدعة الحقيقية): وەك ئەوەی عیبادەتێك ئەنجام بدات کە هیچ بنچینەیەکی نەبێت لە شەرعدا، بە نمونە ئەو نوێژەی لە مانگی ڕەجەب یان لە شەوی نیوەی مانگی شەعبان ناسراو بە شەوی بەرات دەکرێت، وە خۆ نزیك کردنەوە لە خوای گەورە بە گۆشەگیری(الرَّهبانية)و وازهێنان لە دونیا، لەسەر خۆ

حەرام کردنی شتانێك كە خوای گەورە بە حەڵاڵی داناوە بە مەبەستی عیبادەت، وە نوێژێك یان ڕۆژوویەك دابهێنێت یان جەژنێك دروست بكات بەدەر لە دوو جەژنەكە. كە گومانی تێدا نی‌یە ئەم جۆرەیان كەمترە لە جۆری دووەم.

٢-بیدعەی زیاد كردن (البدعة الإضافية): ئەویش چەند جۆرێكە:

أ-بریتی‌یە لەوەی عیبادەتەكە لە شەرعدا هەبێت بەڵام زیادەیەك بخاتە ناوی وەك ئەوەی ڕكاتێك زیاد بكات بۆ نوێژی چواری عەصرو عیشا..

ب-یان لە شێوەی عیبادەتەكەدا زیادە بكات و بەشێوەیەك ئەنجامی بدات كە لە شەرعدا نەبێت وەك ئەوەی زیكرەكان بە دەنگی بەرزو بە كۆمەڵ و كۆرس بڵێتەوە، یان عیبادەتەكان زۆر قورس بكات لەسەر خۆی.

ج-یان كاتێكی دیاری كراو دابنێت بۆ عیبادەتەكە كە لە شەرعدا دیاری نەكرابێت وەك دیاری كردنی نیوەی مانگی شەعبات شەوی بەرات بە عیبادەت یان ڕۆژوو بوونی رۆژی ١٢ ربيع الأول، چونكە ڕاستە نوێژو ڕۆژوو لە

شەرعدا هەیە بەڵام دیاری کردن و تایبەت کردنی بە کاتێك پێویستە بەڵگەی لەسەر هەبێت.

## بیدعەی کرداری و بیدعەی وازهێنان

مەرج نی‌یە بیدعە تەنها زیاد کردن بێت، بەڵکو کەمکردن و تەرك کردنیش هەر وەك زیاد کردن وایە، بۆیە زانایان پێیان وایە لەو ڕووەوە بیدعە دوو جۆرە:

١-بیدعەی کرداری(البدعة الفعلیة): وەك ئەوەی کردەوەیەك بکەیت کە لە دیندا نەبێت یان لە شێوەو چۆنییەتی‌یەکەی زیاد بکرێت. وەك پێشتر باسکرا.

٢-بیدعەی وازهێنان (البدعة الترکیة): وەك وازهێنان لە شتێکی موباح یان فەرمان پێ کراو بە مەبەستی دینداری‌و بە مەبەستی پاداشت. جا ئیتر لە عیبادەتەکاندا بێت یان معامەلات یان عادات، بە وێنەی بەسەرهاتی ئەو سێ کەسەی هاتنە ماڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و هەواڵی چۆنییەتی عیبادەتیان پرسی و دواتر یەکێکیان وتی: من شەو سەراپا شەونوێژ دەکەم و ناخەوم و ئەوی تریان وتی: منیش بەردەوام بە ڕۆژوو

دەبم ونایشکێنم و ئەوی تریان وتی: منیش هەرگیز ژن ناهێنم، کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەڕایەوە فەرموی: (( أنتم الذين قلتم كذا وكذا؟ أما والله إني لأخشاكم لله، وأتقاكم له، لكني: أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني)). متفق عليه البخاري برقم ٥٠٦٣، ومسلم برقم ١٤٠١.

واتە: ئێوە ئاواو ئاواتان ووت؟ سوێند بە خوا من لە ئێوە لە خواترسترو پارێزکارترم، بەڵام بە ڕۆژووش دەبم و دەشیشکێن، شەونوێژیش دەکەم و دەخەوم، وە خێزانیش دەهێنم، هەرکەسێك لە ڕێگای من لابدات بۆ شتی تر ئەوا لە من نییە.

## حوکمی بیدعە لە دیندا بە هەموو جۆرەکانییەوە:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: « وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة » رواه أبو داود والترمذي وقال : حديث حسن صحيح .

واتە: خۆتان بپارێزن لە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە.

به پێی ئەم فەرمودەیەو چەندان فەرمودەی تر بیدعە بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە گومڕایی‌یەو حەرامەو بە ئەندازەی گەورەیی ئەو بیدعەیە گوناهەکەی زیادو کەم دەکات، جا هەندێك بیدعە هەیە موسڵمانی پێ کافر دەبێت، وەك بیدعەی تەواف کردن بە دەوری گۆڕێکدا بە ئومێدی خۆ نزیك کردنەوە لە خاوەنەکەی، وە نەزرو سەربڕین بۆ ئەنجامدانی‌و پاڕانەوەو هاناو هاوار بردن بۆ خاوەنەکەی، وە بیدعەش هەیە هۆکارێکە بۆ شیرك و هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە وەك بینا کردن بەسەر گۆڕو نوێژو پارانەوە ئەنجام دان لە لای‌دا، وە هەشە گوناه و فیسقە و هەشە تاوان و سەرپێچی‌یە وەك بە ڕۆژوو بوون لەبەردەم خۆرو و خۆ خەساندن بە نیازی نەهێشتنی ئارەزووی جیماع کردن/الاعتصام للشاطبي٣٧/٢.

جا کەواتە بە پێی ئەمە بیدعە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١-بیدعەی کوفری بەواح.

٢-بیدعەی گوناهی گەورە.

٣-گوناهی بچوك بەلآم بە مەرجێك گوناهی بچوکە کە:

أ-بەردەوام نەبێت لەسەری ئەگەرنا دەبێتە گوناهی گەورە. چونکە وەك ووتراوە: (لا صغيرة مع إصرار، ولا كبيرة مع استغفار). واتە: هیچ گوناهێك بچوك نىيە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەری، وە هیچ گوناهێکیش گەورە نىيە ئەگەر پەشیمانی لێ دەرببڕدرێت.

ب-بانگەوازی بۆ نەکات.

ج-لە ناو خەڵکیو لەو شوێنانەدا ئەنجامی نەدات کە سوننەتی تێدا پیادە کرێت.

د-بە بچوك و کەم نرخی نەزانێت، چونکە ئەمە بە کەم تەماشا کردنی گوناهەو خۆی بۆ خۆی لە تاوانەکە گەورەترە. / تەماشای ئەمە بکە بە دورو درێژی لە الإعتصام ی ئیمامی شاطبی بەرگی٢.

ئیمامی شاطبی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبەکەیدا ڕەدی ئەوانەی داوەتەوە کە بیدعە دەکەن بە پێنج بەشی: واجب و حەرام و مەندوب و مەکروه و موباحەوە، چونکە ئەم پۆلێن کردنە موخالیفە بە ووتەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە فەرمویەتی: (وكل بدعة ضلالة). الاعتصام ١/٢٤٦.

## دوو تێبینی پێویست:

١-هەندێك پێیان وایە بیدعە دوو جۆری هەیە: (بیدعەی حەسەنە)و (بیدعەی سەیئە)!، بۆیە زۆر جار فەرمودەیەك دەكەنە بەڵگە كە هیچ بەڵگەیەكی تیا نی‌یە بۆیان چونكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: هەموو بیدعەیەك گومڕایی‌یە. بەڵگەشیان ئەو فەرمودەیەیە كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:(...ومن سنَّ في الإسلام سنة سيئة..).كە لێرەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) باس لە ڕێگاو كرداری چاك دەكات نەك بدعەی حەسەنە، هەروەها ووتەی ئیمامی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) دەكەنە بەڵگە كە دەربارەی نوێژی تەراویح فەرمویەتی: (نِعمت البدعة هذه) . كە ئیمامی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) مەبەستی پێی بیدعەی زمانەوانی بووە نەك شەرعی‌چونكە ئەصڵی نوێژی تەراویح لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) سەرەتا بە كۆمەڵ ئەنجامدراوە.

وە دەڵێن چەندین تازەگەری كراوە لە سەردەمی پێشینی چاكدا ئەوانیش هیچ ڕێگریان لێ نەكردووە

لەوانە کۆکردنەوەی قورئان و نوسینەوەی فەرمودەکان، بۆ وەلاَمی ئەمەشیان: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کردووە بە نوسینەوەی قورئان و بە هەمان شێوەش ڕێگەی داوە بە هەندێك لە هاوەلاَن فەرمودەکانی بنوسنەوە بەلاَم لە سەرەتادا بە گشتی ڕێگای نەدا نەکو فەرمودەکان لەگەلَ قورئاندا تێکەلَ بێت لێیان.

٢-زۆر جار ئەوانەی بیدعە ئەنجام دەدەن پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە خۆ مالَی زیادە سەرناشکێنێت!! وە خۆ خراپەیان نەکردووە تەنها چاکەیەك زیاتر ئەنجام دەدەن!.

پیاوێك هاتە لای ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتی: لە کوێوە ئیحرام ببەستم؟ فەرموی: لەو شوێنەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دیاری کردووەو بەستویەتی. پیاوەکە وتی: ئەگەر لە جێگایەکی دوورتر ئیحرام ببەستم چیە؟ فەرموی: ڕام لەسەر ئەوە نیە، پیاوەکە ووتی: بۆ بەلاتەوە باش نیە؟ فەرموی: ئەترسم توشی فیتنە ببیت. وتی: چ فیتنەیەك هەیە لە

زیـــاده خێـــر ئەنجامدانـــدا؟ فـــەرموی: خـــوای گـــەوره دەفـەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (النور٦٣)

واتـه: دەبا ئەوانـەی کـه سەرپێچـی لـه فـەرمانی دەکـەن بترسن لـەوەی کـه تووشـی تـاقی کردنەوەیـەکی سـەخت، یان تووشی سزایەکی به ئێش ببن.

جا چـی فیتنەیـەك لـەوه گـەورەتره تـۆ دەتـەوێت زیـادە چـاکەیەك تایبـەت بکـەیت کـه پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەنجامی نـەداوه؟!/ ذکره أبو شامة في کتاب : الباعث على إنکار البدع والحوادث نقلا عن أبي بکر الخلال ص ١٤ .

## بیدعه له گوناهه گەورەکانه

عن أنس(رضي الله عنـه) قـال: قـال رسـول الله(ﷺ): ((إن الله احتجز التوبة عن صـاحب کل بدعـة)). الطبراني(٤٣٦٠) والبیهقـي وصـححه الألبـاني في السلسـلة الصـحيحة(١٦٢٠). لکـن ثـم تراجع الشيخ وضعفه، انظر مقدمة صحیح الترغیب والترهیب ص٣١.

واتــه: خــوای گــەوره تەوبــه وەرناگرێــت لــه خــاوەن بیدعەیەك.

ئەمەش بە مانای ئەوەی کەسی بیدعەچی بیدعەکەی بە چاك دەزانێت هەر لەبەر ئەوەیە وازی لێ ناهێنێت و تەوبەی لێ ناکات، چونکە یەکەم هەنگاوی تەوبە بریتییە لە زانینی ئەوەی کارەکەی خراپە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگونجێت خوای گەورە تەوبەی لێ وەربگرێت بەوەی ڕینمایی بکات و خراپەی بیدعەی بۆ ڕون بێتەوە، هەر وەك چۆن چەندان کەسی موشریك و کافرو بیدعەچی گەڕاونەتەوەو تەوبەیان کردووە.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (ومن قال: إنه لا يقبل توبة مبتدع مطلقاً فقد غلط غلطاً منكراً). مجموع الفتاوى ١١/٦٨٥.

واتە: هەرکەسێك بڵێت هەرگیز خوای گەورە تەوبەی بیدعەچی وەرناگرێت، ئەوە کەوتۆتە هەڵەیەکی یەکجار گەورەوە.

هەندێك لە سەلەف لەوانە سوفیانی ثەوري(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویانە: (البدعة أحب إلي إبليس من المعصية

لأن المعصية يتاب منها والبدعة لايتاب منها). شرح السنة، للبغوي، ١/ ٢١٦، الجواب الكافي ص١٠٠.

واته: به لای شەیتانەوە بیدعە خۆشەویسترە لە تاوان و سەرپێچی، چونکە گوناهو تاوان خاوەنەکەی تەوبەی لێ دەکەن، بەلاّم بیدعە تەوبەی لێ ناکرێت.

ئیبن قەیم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە باسی پلەبەندی شەیتان بۆ لە خشتە بردنی مرۆڤ باسی چەند قۆناغێك دەکات کە شەیتان دەیگرێتەبەرو هەر کاتێك یەکەمی بۆ نەکرا دەچێتە سەر دووەم و..هتد، وە بەم جۆرە پۆلێنی دەکات: سەرەتا شیرك، پاشان بیدعە چونکە شەیتان بیدعەی بە لاوە خۆشەویسترە لە فیسق و تاوان و سەرپێچی، پاشان گوناهی گەورە، دواتر گوناهی بچوك، پاشان سەرقاڵ کردنی بەو شتە موباحانەوە کە هیچ پاداشت و سزای لەسەر نییەو سەرەنجامەکەی لەدەستدانی پاداشتە، لە دوایەمدا سەرقاڵ کردنی بە کردەوەیەك کە باشە لە کردەوەیەکی باشتر/ بۆ درێژەی ئەمە بڕوانە تفسير القيم ٢/٣٢٣-٣٢٤.

## هۆكارەكانی دەركەوتنی بیدعە :

**١-شــارەزا نــەبوون و جــەهل بــە ئەحكامــەكانی دیــن :**

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێت: « إن اللّـه لا يقـبض العلـم انتزاعـا ينتزعـه مـن العبـاد، ولكـن يقـبض العلـم بقبض العلماء حتى إذا لم يُبْق عالما اتخذ الناس رءوسا جهالا فسئلوا فأفتوا بغير علم فضَلوا وأضلوا ». متفق عليه

واتــە: خــوای گــەورە زانســت هەڵناگرێتــەوە لــە ســینگی بەندەكانیدا هەڵی بكێشێت، بەڵكو زانست دەگرێتەوە بە مراندنی زانایان، هەتا كاتێك وای لێ هات زانا نەما، ئەو كــات خــەڵكی كۆمەڵــە ســەركردەیەكی نــەفام دەكەنــە بەرپرســی خۆیــان و پرســیاریان لێ دەكــەن، ئــەوانیش فەتوایان بۆ ئەدەن بە بێ زانست و خۆشیان و خەڵكیش گومڕا دەكەن.

**٢-شوێنكەوتنی هەواو ئارەزوو: خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنَ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾. (القصص : ٥٠).

واتـه: خـۆ ئەگـەر بـەدەم بانگـەوازی تـۆوە نـەهاتن، ئـەوە چـاك بزانـه كـه ئەوانـه هـەر شـوێنی ئـارەزووی خۆیـان دەكەون، كێیش لەوە گومراترە كـه شـوێن ئارەزووەكـانی خـۆی كـەوتبێت دوور لــه هیدایــەت و ڕێنمـویی خــوا، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی ستەمكار نادات.

**٣-دەمارگیری كوێرانە بۆ كەس و بۆچونەكان**: خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۗ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴾.( البقرة: ١٧٠).

واتـه: ئەگـەر بـەو خەڵكـه نادانـه بوترێـت: شـوێنی ئـەو بەرنامەیە بكەون كە لەلایەن خـواوە ڕەوانـه كـراوە، دەڵـێن: نـەخێر، هـەر شـوێنی ئـەوە دەكـەوین كـه بـاوو باپیرانمـان پێوەی ئالوودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشـیان تـیٚ نەگەیشـتوو هـیچ نـەزان و ناشـارەزاو ڕێنموییش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەكەون؟!).

**٤-خۆ چواندن بە بـیٚ بـاوەڕان**: لـه أبـي واقـد الليثـی یـەوە فەرمویـەتی: كـاتیٚ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەرچـوو بـۆ

حونەین، دایان بە لای درەختێکدا هی موشریکەکان بوو پێیان دەوت (ذات أنواط) چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی بە مەبەستی کاریگەر بوونی، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) درەختێکی (ذات انواط)ش بۆ ئێمە دابنێ وەك ئەوەی ئەوان هەیانە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی: «سُبحان الله، هذا کما قال قوم موسی﴿اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾، والذي نفسي بيده لتركبن سنة من كان قبلكم». أخرجه الترمذي(٢١٨٠) وقال هذا حديث حسن صحيح، وصححه الألباني أنظر ظلال الجنة (٧٦)، المشكاة (٥٣٦٩).

واتە: پاکو بێ عەیبی بۆ خوا، ئەمە وەك ئەو وتەیەی گەلەکەی موسا پێغەمبەر(علیه السلام) وایە کە وتیان: پەرستراوێکمان بۆ دابنێ وەك چۆن کافرەکان هەیانە. سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بە دەستە شوێن ڕێچکەی تاوانی ئەوان دەکەون.

**٥- پشت بەستن بە عەقڵ دوور لە نەقڵ و بەڵگە:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ

وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُّبِينًا﴾. (الأحزاب: ٣٦).

واته: بۆ هیچ پیاوێکی ئیماندار یان ژنێکی ئیماندار نیه کاتێك که خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بڕیاری شتێك بدەن ئەوان سەرپشك بن (لە ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە) ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ئەوە ئیتر بە ئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

٦-هاوڕێیەتی کردنی ئەهلی خراپەو تێکەڵاوێتی کردنیان:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل) رواه أبوداود والترمذي (٢٣٧٨) واحمد والبغوي وحسنه الالباني في الصحيحة رقم (٩٢٧) وصحح اسناده النووي في رياض الصالحين رقم (٣٧١).

واتە: هەموو کەسێك لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی، جا هەریەك لەئێوە بزانن هاوڕێیەتی کێ دەکەن.

٧-بێ دەنگی زانایان و بانگخوازان و شاردنەوەی عیلم:

وعن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): ((من سُئِلَ عن علم يعلمُهُ فكتمه ألجِمَ يوم القيامة بلجامٍ

مـن نـار)). رواه الترمـذي (٢٦٤٩)، وأبـو داود وابـن ماجـه، وصـححه الألباني في صحيح سنن الترمذي٢/٣٣٦، وصحيح سنن ابن ماجه١/٤٩.

واتـه: هـەر كەسێك پرسیاری لێ بكرێت لـه زانستێك كـه دەیزانێـت و بیشـارێتەوه، ئـەوا لـه ڕۆژی دوایی‌دا بـه لغاوی ئاگرین لغاو دەكرێت.

**٨- پشت بەستن بە فەرمودەی ضەعیف و موضوع.**

**٩-زیـادە ڕەوی كـردن لـە مـەدح و بـە گـەورە زانینـدا:**

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێت: (( إیـاكم والغلـو في الـدین فإنمـا هلـك مـن كـان قـبلكم بـالغلو في الـدین)). رواه أصحاب الصحاح وغيرهم وهو مخرج في " الصحيحة " ( ١٢٨٣).

واتــه: نەكــەن زیــادە ڕەوی بكــەن لــە دینــدا چــونكه ئوممەتانی پێش ئێوه بە هۆی زیادەڕەوی كردن لە دیندا بە هیلاك چوون.

١٠- هەندێك جاریش نەشارەزایی و مامەڵە توندی و لە سنووری شـەرع دەرچـوون لـە گـۆڕینی بیدعەیەكدا لـە لایەن هەندێك تازه موسڵمانی دڵ گەرمـەوه دەبێتـه هـۆی ڕقاوی تر كردن و گەشە كردنی بیدعەكان.

## هەڵوێستی سەلەف لە بەرامبەر بیدعەو بیدعەکاران:

وەك زانیت بیدعە لە گەورەترین سەرپێچیو گوناهەکانە، بۆیە هەوڵدان بۆ گۆڕین و لابردنی گەورەترین چاکەو تێکۆشانە. هەر بۆیە سەلەف لە هەموو کەس زیاتر سوور بوون لەسەر نەهێشتنی.

لە عمری کوڕی یحیی کوڕی عمرو کوڕی سەلەمەی الهمدانی دەفەرموێت: باوکم بۆی باس کردم و فەرموی: واتە: ئێمە پێش نوێژی بەیانی لە بەردەم ماڵی عبداللەی کوڕی مەسعوددا دادەنیشتین، جا کاتێ دەهاتە دەرەوە لە ماڵ لەگەڵی دەڕۆیشتین بەرەو مزگەوت، ڕۆژێك ئەبو موسای ئەشعەری هات و فەرموی: ئەوە باوکی عبدالرحمن هێشتا دەرنەچۆتە دەرەوە بۆ لاتان؟ ووتمان: نەخێر، ئەویش دانیشت هەتا ابن مسعود دەرچوو، کاتێ لە ماڵ هاتە دەرەوە هەموومان هەستاین و بەرەو ڕووی چوین.

ئەبو موسا پێی فەرموو: ئەی باوکی عبدالرحمن من ئێستا شتێکم لە مزگەوتدا بینی و بە خراپم زانی، وە

سوپاس بۆ خوای گەورە خێر نەبێت نەمبینی، فەرمووی: ئــەوە چــیە؟ فــەرمووی: ئەگــەر بمێنیــت دەیبینیــت، فــەرمووی: بینـــیم کۆمـــەڵێك کـــەس بـــە ئەڵقـــە ئەڵقـــە دانیشتبوون و چاوەڕوانی نوێژ بوون، لە هەر یەکێك لـەو ئەڵقانـەدا پیاوێـك هـەبوو سەرپەرشـتی دەکـردن، وە لـە دەستیاندا چەویان پێ بوو، پیاوەکە دەیـوت: سـەد جـار بڵـێن: الله اکبر، ئـەوانیش سـەد جـار تـەکبیریان دەکـرد، دەیـــوت: ســـەد جـــار بڵـــێن: لا الـــە الا الله، ئـــەوانیش دەیانکرد، دەیوت: سەد جار بڵێن سبحان الله، ئەوانیش دەیـانکرد، عبـدالله فـەرمووی: ئـەی تـۆ چیت پـێ ووتـن؟ فـەرمووی: هیچـم پـێ نـەوتن چـاوەڕوانی ڕای تـۆ بـووم، فەرمووی: بۆچی فەرمانت پێ نەکردن تاوانـەکانی خۆیـان بـــژمێرن و زەمـــانی ئـــەوەت بدانایـــەتێ کـــە هـــیچ لـــە چـــاکەکانیان نافـــەوتێت؟ پاشـــان ڕۆیشـــت و ئێمـــەش لەگـەڵی ڕۆیشـتین هـەتا گەیشـت بـە یـەکێك لـەو ئەڵقانـەو لەســەریان وەســتاو فــەرمووی: ئــەوە دەیبیــنم خــەریکی چیین؟

وتیان: ئەی باوکی عبدالرحمن ئەوە ووردە بەردو چەوەو تــەکبیرو تــەهلیل و تەســبیحەکانمانی پــێ دەژمێــرین، فەرموی: تاوانەکانی خۆتان بژمێرن، من زەمانی ئەوەتان دەدەمــێ کـە هـیچ لـە چاکەکانتان نافـەوتێت، ڕۆڵـەڕۆ بـۆ ئێـوە ئـەی ئوممـەتی محمـد(ﷺ)! چـەند بـە خێرایـی بـە هـــیلاك چـــوون! ئـــەوەتا هێشـــتا هـــاوەڵانی پێغەمبەرەکــەتان(ﷺ) لــە ناوتانــدا هــەن و ئــەوەش پۆشــاکەکەیەتی هێشــتا نــەڕزاوە، قاپوقاچــاغەکەی نەشکاوە، سوێند بەو خوایـەی نەفسـی منـی بەدەسـتە یان ئەوەتا ئێوە لەسەر میللەتێکن چاکتر لە میللەتەکەی محمد(ﷺ)، یان ئەوەتا خـەریکی کردنـەوەی دەرگایـەکی گومڕایین؟!

وتیان: سوێند بە خوا ئەی باوکی عبدالرحمن ئێمە تەنها مەبەستی چاکەو خێرمان هەبوو!!، فەرموی: چەند کەس هەیـە مەبەسـتی چـاکەیەو ناشـی پێکێـت، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) قسـەی بـۆ کـردین فـەرموی: کۆمـەڵێك پەیـدا دەبن قورئان دەخوێنن و لە گەردنیان تێ ناپەڕێت، لە

ئیســلام دەردەچــن هــەروەك چــۆن تــیر لــە نیشــانە تــێ دەپەڕێت، وە سوێند بە خوا من نازانم لەوانەیە زۆربەی ئەوانە لە ئێوە بن. پاشان پشتی تێ کردن و ڕۆیشت.

عمــروی کــوڕی ســـەلەمە دەفــەرموێت: زۆربــەی ئــەو کەســانەی لــەو ئەڵقەیــەدا بــوون دەمــانبینی لــە ڕۆژی جەنگی نەهرەوان و لەگەڵ خەواریجەکاندا بوون وتیریان تێ دەگرتین./ أخرجه الدارمي١/٦٨-٦٩، و بحشل في تاريخ واسط ص١٩٨ وصححه الألباني في "السلسلة الصحيحة" ٥/١١ برقم(٢٠٠٥).

هەر بۆیە هاوەڵان(ڕەزای خوایان لێ بێت) زۆر بە ووردی و بە ئاگاوە خۆیان پاراستووە لە زیادەو داهێنراو و ئینکاری ئەم کارەیان کردووە:

لــە نــافع ەوە دەفــەرموێت: پیاوێــك لــە تەنیشــت ابــن عمـر(ڕەزای خوای لێ بێت) پـژمی و وتـی: (الحمـدلله والسـلام علی رسول الله)، ابن عمر فەرموی: منیش ئەڵێم: (الحمـد لله والسلام علی رسول الله)، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەوا فێری نەکردوین(کـە لـەم کاتـەدا ئەمـە بیڵـێین)!! ئەو فێـری کـردوین کـە بڵـێین: ((الحمـدلله علـی کـل حـال))./

أخرجه الترمذي برقم(٢٧٣٨) وغيره بإسناد صحيح وحسنه الألباني كما هو مبين في (إرواء الغليل) (٢٤٥/٣).

یان كاتێك یەكێك لە زیكری پێش نوستندا ووشەی (بنبیك الذي أرسلت) دەكات بە (برسولك الذي أرسلت) بەراء(ڕەزای خوای لێ بێت) بۆی ڕاست دەكاتەوە كە ئەوەی یەكەم بڵێت/ بڕوانە فەرمودی ژمارە (٣٥٧٤) لە صحیح وضعیف سنن الترمذي (٨/ ٧٤) وصححه الألباني.

## مەنهەجی سەلەف لەگەڵ بیدعەچیدا

ئیسلام زۆر بە توندی ڕێگری دەكات لە زیادەڕەوی و ئینحیراف، هیچ بوارێك ناهێڵێ بۆ كەسانێك تا بە وێنەی دینە گۆڕدراوەكانی تری لێ بكات، جا بیدعەش دەستكاری كردنی دینە، بەڵام كەسی بیدعەكار یەك جۆر نین و زاناو نەزانیان تێدایە، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە شێوازی مامەڵە كردن لەگەڵیدا.

ئیمامی شاطبی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (إذا ثبت ان المبتدع آثم فليس الاثم الواقع عليه على رتبة واحدة بل هو على مراتب مختلفة من جهة كون صاحبها

مستترا بها أو معلنا ومن جهة كون البدعة حقيقية أو اضافية ومن جهة كونها بينة أو مشكلة ومن جهة كونها كفرا أو غير كفر ومن جهة الاصرار عليها أو عدمه إلى غير ذلك من الوجوه التي يقطع معها...). الإعتصام ٢/١٦٧

واته: كاتیٚ چەسپا كە كەسی بیدعەچی گوناهبارە ئەوا گوناهەكەی لەسەر یەك مەرتەبە نیيە، بەڵكو چەند پلەیەكی جیاوازی هەیە: لەو ڕووەو ئایا خاوەن بیدعە بە نهێنی ئەیكات یان ئاشكرا، وە لەو ڕووەوە بیدعەكەی حەقیقیيە یان ئیزافی، وە ئایا ڕوونە یان موشەككەلە، كوفرییە یان غەیرە كوفری، وە لەو ڕووەوە ئایا سوورە لەسەری یان نا، وە چەندان شتی تر.

بەڵاّم وەك زانایان فەرموویانە بە كورتی كەسی بیدعەچی پێویستە ئاوا مامەڵەی لەگەڵ بكرێت:

١-پێویستە ئاگادار بكرێتەوەو بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە بە شێوەیەكی زۆر جوان و نەرمو نیان، چونكە ئەگونجێت نەزان بێت پێی، هەروەك چۆن عبدالله ی كوری

عـــــەباس(ڕەزای خـــوای لێ بێـــت) موناقەشـــــەی لەگـــــەڵ خەواریجەکاندا کردو ژمارەیەکی زۆری لێ گەڕاندنەوە.
٢-تـەرکی سـەلام و قسـەو تێکـەڵاویو سـەردان کردنـی لەگـەڵ دەکرێـت لـە لایـەن کەسـی شـارەزاوە ئەگـەر زانـرا بەوە بەخۆیدا دەچێتەوەو دەست هەڵدەگرێت.
٣-ئەگـــەر هـــەر کـــۆڵی نـــەداو بانگـــەوازی دەکـــرد بـــۆ بیدعەکەی، وە بیدعەکانی زۆرو گـەورە بـوون، خـەڵکی لێ ئاگادار دەکرێتەوە تا موسڵمانان گومڕا نەکات.
٤-ئەگـەر موسـڵمانان کیـان و قـەوارەیان هـەبوو بـانگ دەکرێت و تەمێ دەکرێت هەروەك ئیمامی عومەر (صبيغ العراقي) تەمێ کرد.
٥- هەتا بیدعەکەی گەورەتر بێت شێوەی مامەڵە لەگەڵی زیـاد دەکـات، بـەڵام بیرمـان نەچـێت ئەمـە کـاری کەسـی شارەزایەو مەبەست لێی ڕاونانی کەسەکە نییەو ئامـانج لێـی گەڕاندنـەوەو تێگەیانـدنێتی. چـونکە هەرچـۆن بێـت ئـەو کەسـەی بیدعـە دەکـات مـادام بیدعەکـەی کـوفری

نـەبێت هـەر موسـڵمانەو مـافی برایـەتی و موسـڵمانێتی لەسەر شانمانە.

وە نابێــت حــەز بکــات بــەوەی خــەڵکی بیدعــەی لێ دەربکـەوێت تـا تـەنها خـۆی لـە نـاو خەڵکیدا بـە ڕاسـت دەرکەوێت، یان نابێت لە سنووری شەرعی زیاتر سزای کەس بدات بە هەواو ئارەزوو، بە جۆرێك هـەمان بیدعـەو مونکـەر کـە خـەڵکی بیکـات و بیبوغزێنێـت ئەگـەر خـۆی یان کۆمەڵەکەی خۆی کردی بەهانـەی بـۆ بهێنێتـەوە یـان بـە لایـەوە ئاسـایی بێـت. وە فـەرمان کـردن بـە چـاکەو ڕێگـری کـردن لــە خراپــە پێویســتە زۆر بــە ژیــری و دانایییانـە ئـەنجام بـدرێت و سـنووری شـەرعی تێـدا نەبەزێنرێت:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویـەتی:

(أَلَّا يَعْتَدِيَ عَلَـى أَهْلِ الْمَعَاصِـي بِزِيَادَةِ عَلَـى الْمَشْرُوعِ فِـي بُغْضِــهِمْ أَوْ ذَمِّهِــمْ أَوْ نَهْــيِهِمْ أَوْ هَجْــرِهِمْ أَوْ عُقُــوبَتِهِمْ، .............فَإِنَّ كَثِيرًا مِنْ الْآمِرِينَ النَّاهِينَ قَدْ يَتَعَدَى حُدُودَ اللَّـهِ إمَّـا بِجَهْـلِ وَإِمَّـا بِظُلْـمِ وَهَـذَا بَـابٌ يَجِـبُ التَّثَبُّـتُ فِيـهِ

وَسَوَاءٌ فِي ذَلِكَ الْإِنْكَارُ عَلَى الْكُفَّارِ وَالْمُنَافِقِينَ وَالْفَاسِقِينَ وَالْعَاصِينَ ./مجموع الفتاوى١٤/ ٤٨٠-٤٨١.

واته: نابێت لەگەڵ سەرپێچی کاراندا سنوور ببەزێنرێت بەوەی زیاد لە سنووری دیاری کراوی شەرع ببوغزێنرێن یان زەم بکرێن یان نەهییان لێ بکرێت یان هەجر بکرێن یان سزا بدرێن،....چونکە زۆر کەس لەوانەی فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە دەکەن سنووری خوای گەورە دەبەزێنن جا یان بە نەفامێتی یان بە ستەم، جا ئەمە بوارێکە پێویستە بە ووردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئیتر ئینکاری کردنی خراپەی بێ باوەڕان بێت یان مونافقین یان فاسقان و سەرپێچی کاران.

## چەند نمونەیەك لە بیدعەی ئەم زەمانەی خۆمان:

کۆمەڵێکی یەکجار زۆر بیدعە لە ناو موسڵمانان‌دا هەیەو لەوەش ناڕەحەتتر ئەوەیە کەسانێك یان کۆمەلآنێك بانگەوازی بۆ دەکەن و برەوی پێ دەدەن و بە بیانوی ئەوەی بۆ مەصڵەحەتی دەعوە بەکاری دێنن زیندوی دەکەنەوە، کە گومانی تێدا نی‌یە بانگەواز واجبەو

عیبادەتـە پێویستیشـە عیبـادەت دوو مـەرجی تێـدا بێـت ئەویش نییەت پاکی و بە پێی شەرعی خوای گەورە بێت نەك بە بۆچوون و هەواو ئارەزوو.
جا لـەو بیدعـە زۆر فراوانانـە ئەمانـە هەنـدێکی کـەمێتی: زینـدوو کردنـەوەی یـادی لـە دایـك بـونی پێغەمبـەری خوا(ﷺ)، ئیسراو میعراج، یادی بەدرو فەتح و هیجرەت و ..هتـد وە کـۆڕ بـۆ گـرتن و ئاهـەنگ گێـڕان و شـیرینی بەخشینەوەو تێکەڵاوی و گۆرانی و مۆسیقا لەناویدا.
نیـت هێنـان بـە دەم و دەنگـی بـەرز بـۆ نوێـژو ڕۆژوو، ئەنجامـدانی دوو ڕکـات پـێش نوێـژی جومعـەو بانگـەواز کـردن بـۆی لـە مزگەوتەکانـدا، زیکـری پـێش نوێـژە فـەرزەکان، زیکـری دوای نوێـژەکان بـە دەنگـی بـەرزو بـە جەماعەت، فاتیحـە خوێنـدن لەسـەر گۆڕستان یـان دوای بانگ، صەلاوات دان لە دوای بانگ لە لایەن بانگبێـژەوەو بـە دەنگـی بـەرز، قورئـان فرۆشـتن لـە گۆڕسـتان و نـاو تـەعزیێ بـە جۆرێـك لای کەسـی عـەوام وای لێ هـاتووە کـە لەگـەڵ گـوێی لـە قورئـان دەبێـت وا دەزانێـت لـە

تەعزیێدایە. ئیمساکیيەی مانگی ڕەمەزان، وتنی (صدق الله العظیم) و کردنی بە عادەت دوای خوێندنی قورئان، ئەنجامدانی کۆمەڵە نوێژێکی تایبەت لە شەوی ١٥ی شەعبان ناسراو بە بەرات، و دیاری کردن و ژمارە دانان بۆ زیکرێك کە بە موتڵەقی هاتووە. وە چەندان و چەندان بیدعەی تر..خوای گەورە بمانپارێزێت و کۆمەڵگای موسڵمانانی لێ پاك بکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

برای خۆم.. کیبرو خۆ بە گەورەزانین وات لێ نەکات کارێك هەتا ئێستا بە شەرعت زانیوەو لە باوك و باپیرتەوە وەرت گرتووەو ئێستا بە بەڵگە بۆت دەرکەوتووە کە بیدعەیە کیبر وات لێ نەکات وەری نەگریت، چونکە کیبر بریتییە لە وەرنەگرتنی هەق، هەرکەس بە ئەندازەی مسقاڵە زەڕەیەکی لە دڵدا بێت ناچێتە بەهەشتەوە.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

## سەرچاوەکان/

١– الاعتصام....الإمام أبو إسحاق الشاطبي .

٢– الجواب الكافي...إبن القيم الجوزية.

٣– التحذير من البدع... عبد العزيز بن عبد الله بن باز.

٤– كتاب التوحيد....صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان.

٥– نور السنة وظلمات البدعة في ضوء الكتاب والسنة ...سعيد بن علي بن وهف القحطاني.

٦– داهێنراو(البدعة)..... أحمد مەلا فائق.

٧– چەند سەرچاوەیەکی تر..

## ناوەرۆك

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


دەستپێك.......................................... ٣
داهێنراو (البدعه) چىيه؟................................... ٥
زەمى بيدعه له قورئان و فەرمودەدا......................... ٦
ووتەى هاوەڵان(ڕەزاى خوايان لىٚ بێت)........................ ١١
ووتەى تابعين و تابعى تابعين(ڕەحمەتى خوايان لىٚ بێت)........ ١٣
زيانەكانى بيدعه.................................... ١٦
ڕاى چوار پێشەواكه سەبارەت به دەستگرتن به سوننەتەوە.... ١٨
جۆرەكانى بيدعه له ديندا:
جۆرى يەكەم: بيدعەى ووتەو بيروباوەڕ
جۆرى دووەم: بيدعەى كردارى............................ ٢٠
حوكمى بيدعه له ديندا به هەموو جۆرەكانىيەوە............. ٢٣
دوو تێبينى پێويست.................................... ٢٦
بيدعه له گوناهه گەورەكانه............................. ٢٨
هۆكارەكانى دەركەوتنى بيدعه............................. ٣١
هەڵوێستى سەلەف له بەرامبەر بيدعەو بيدعەكاران............ ٣٦
مەنهەجى سەلەف لەگەڵ بيدعەچىدا.......................... ٤٠
چەند نمونەيەك له بيدعەى ئەم زەمانەى خۆمان................. ٤٤
سەرچاوەكان.......................................... ٤٧
ناوەرۆك............................................. ٤٨